# دروستکردنی پێڵاو بۆ بەرگری لە (مین)

ئا: سامی جەمال قەرەداغی

ڕۆژنامەی (ساوس چاینا مۆرنینگ پۆست) کە لە (هۆنگ کۆنگ) دەردەچێت بلاویکردەوە: لە کۆتاهی مانگی 2001/8دا بۆ یەکەمجار جۆرێك لە پێڵاوی سەربازیی (پۆستاڵ) دەکەوێتە بازاڕەوە تایبەتە بۆ سەربازان و ئەو تیمانەی سەرگەرمی هەڵگرتنەوەو پووچەڵکردنەوەی کێڵگەکانی (مین)ن لە جیهاندا.

ئەم پێڵاوە تایبەتییە زۆر سووکترە لەو پۆستاڵانەی ئێستا کە بۆ سەرباز بەکاردەهێنرێت و بەتایبەتی دروستکراوە بۆ بەرگریکردن لە بڕینەوەی قاچ و شکاندنی ئێسك و پچڕاندنی دەمارەکانی قاچ.

پێکهاتەی ئەو پۆستاڵە لە مادەی ئەلەمنیۆم و پۆلایە کە لە (13) چینی لەسەریەك پێکهاتووەو دەتوانێت بەرگری لەو هێزی تەقینەوەیە بکات کە لەئەنجامی پێخستنە سەر (مین) دروست دەبێت.

ئەو چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەکە بە ئەنجامی گەیاندووە لەگەڵ (ئیف-کی-ل) خاوەنی کۆمپانیای دروستکردنی ئەو جۆرە پێڵاوە لە (هۆنگ کۆنگ)، ڕایگەیاند کە گرنگیی زۆر دراوە بە بەرهەمهێنانی ئەو داهێنانە نوێیە، بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی ئەمریکییەوە تاقیکردنەوەی تەواوی لەسەرکراوەو پێش ئەوەیش لەلایەن (کۆلێژی شاهانەی سەربازی)یەوە لە بەریتانیا بە هەمان شێوە تاقیکردنەوەی لەسەرکراوەو سەلمێنراوە کە توانای بەرگری هێزی بڕی (70) گرام مادەی (TNT) هەیە کە لەئەنجامی تەقینەوەی مینەوە پەیدا دەبێت، ئەو هێزەش کە دروست دەبێت و بەرگری لێدەکات دوو ئەوەندەی توانای هێزی (مین)ی تایبەت بە مرۆڤە.

نەخشەسازی پۆستاڵەکە کەسێکە بەناوی (ئەندرۆقاس) و خەڵکی وڵاتی سنگافورەیە.

نرخی یەك جووت لەو پۆستاڵە (168) دۆلاری ئەمریکییە، یەك دۆلاریش لە قازانجی هەر جووتێك بۆ کۆمەڵەو ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکانی لێقەوماوانی کارەساتی (مین) تەرخاندەکرێت.

جێی سەرنجە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕی ئەو مینانەی لەوڵاتە تازە پێشگەیشتووەکان چێنراون، مەزەندە دەکەن بە (100)ملیۆن (مین)، کە مانگانە لە گشت جیهاندا (500) کەس دەبنە قوربانی کارەساتی تەقینەوەیان.

کوردستانی عێراقیش بە یەکێك لەو جێگایانە دادەنرێت لە ڕووی چاندنی (مین)ەوە کە خۆی دەدات لە (10ملیۆن) مین.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (الوفاق)ی ئێرانی، ژمارە (1146)

# مێژووی سەرهەڵدانی ژمارەکان

ئا: سیروان

گومانی تێدا نییە کە ژمارەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە نەك تەنها لە کاتی ئێستادا، بەڵکو هەزاران ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە کاری هێناون، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەوروپییەکان ژمارەکانی خۆیان ناوناوە (ژمارە عەرەبییەکان) و عەرەبەکانیش بە ژمارەکانی خۆیان دەڵێن (ژمارە هیندییەکان)

٩،٨،٧،٦،٥،٤،٣،٢،١،٠ (ژمارە عەرەبییەکان)

0,1,2,3,4,5,6,7,8,9 (ژمارە ئەوروپییەکان)

ئەو ژمارانەی لە ئەوروپا بەکاردەهێنرێن هەمان ئەو ژمارانەن لە وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبیی بەکاردەهێنرێن.

مێژووی بنەڕەتی ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەو کاتەی کە بەغدا پایتەختی عەباسییەکان بوو لەلایەن (خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور)ەوە حوکمڕانی دەکرا، هێشتا (10) ساڵ تێنەپەڕیبوو بەسەر دروستکردنیدا، شاری ناوبراو ببوە مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواداو ڕۆژانە سەدان کەس لە هەموولایەکی گۆی زەوییەوە ڕوویان تێدەکرد، یەکێك لەوانە زانایەکی هیندی بوو بە ناوی (کنکا). ناوبراو لە بواری گەردوونناسی و ماتماتیکدا کارامەو شارەزابوو، کتێبێکی پێبوو لە بارەی گەردوون و بنچینەی بیرکاریی و ژمارەکانەوە دەدوا، ئا لەو کاتانەدا هەواڵی ناوبراوو کتێبەکەی گەیشتە لای ئەبوجەعفەری مەنسور، پاشان ئەو زانایەیان بردە لای ئەبوجەعفەرو بە یارمەتی وەرگێڕێك چەند زانیارییەکی چنگ کەوت و خەلیفە کەوتە ژێر کاریگەریی کتێبەکەوە. ئەوکاتانە لەو ناوچەیەدا هیچ ژمارەیەك نەبوو بەکاریبهێنن بۆ ئیشوکاری ڕۆژانەیان، جگە لە پیتەکانی (هجد) کە لە بری ژمارە بەکاریان دەهێنان، هەروەها پیتی یۆنانیشیان لەگەڵ ئەو پیتانەی سەرەوەدا بەکاردەهێنا، پیتە یۆنانییەکان لە شوێنە حکومیەکانی سەردەمی عەباسییەکان و پێش ئەمانیشدا بەکاردەهاتن. مێژووی بەکارهێنانی ئەو پیتانەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (بێزەنتیەکان) لە ناوچە عەرەبنشینەکاندا هەتا دەستپێکردنی هێرشی سوپای موسڵمانەکان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیەکان لە پێش فەرمانڕەوایی عەباسییەکاندا. لای ئەمەویەکانیش بە تایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)دا، تۆماری فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان بە پیتی عەرەبی بوو، بەڵام بۆ ئەو کارانەی پەیوەندییان بە ژمارەوە هەبوو پیتی یۆنانی بەکاردەهات، ئەمەش کێشەیەکی لای فەرمانبەرانی دیوانی خەلافەت دروستکردبوو. ئەم کارە تا سەردەمی ئەبوجەعفەری مەنسور هەروامایەوە، ناوبراو فەرمانیدا بە گۆڕینی کتێبەکەی (کنکا) بۆ عەرەبی، (محەمەد ئیبراهیم فەزازی) ئەو کارەی ئەنجامداو کتێبەکەی بە ناونیشانی (سند هند الکبیر) کرد بە عەرەبی و خۆشی لە بواری گەردوونناسیدا شارەزایی باشی هەبوو.

ژمارە هیندییەکانی ناو کتێبەکە پاش 40 ساڵ لە گۆڕینی بۆ عەرەبی بە تەواوی بە ناو عەرەبەکان و گەلانی دیکەدا بڵاوبوونەوە، ئەو کەسەی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەو بڵاوبوونەوەیەدا (خەوارزمی) بوو، ناوبراو کتێبێکی دەربارەی حیساب بڵاوکردەوە بە دانانی ژمارە (0) لەگەڵ ژمارە هیندییەکان، لەو کتێبەدا چۆنێتی بەکارهێنانی کردارە ژمارەییەکانی بە ڕێگەی هیندی و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسکردووە، مێژوونووسان وا باسدەکەن کە ناوبراو ژمارە هیندییەکانی بە دوو شێوەی جیاواز بەکارهێناوە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبۆتەوەو بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو شێوەی ئێستای وەرگرتووە، ئەوەی دووەمیشیان ئەوەیە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی و ئەوروپادا بڵاوبۆتەوەو ژمارەکانی بەمشێوەیە دەست پێدەکات: ...1 2 3.

لە کاتی خۆیدا کتێبەکەی خەوارزمی گەیشتە ئەندەلوس (ئیسپانیا) و هەر لە ڕێگەی ئەو وڵاتەشەوە کتێبەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی کە ئەو سەردەمە لە ئەوروپادا زۆر بڵاوبوو.

سەرچاوەکان:


1- واحد-اثنان-ثلاثة... لانهاية، جورج جاموف 1958. مصر.

2- البديع في الحساب، ابي بكر محمد بن الحسين الكرمي 1964 بيروت.

3- المدخل الى علم العدد، نيقوس ماخس الجاراسيني، 1959 بيروت.

4- مجلة العربي العدد 178 سنة 1974 الكويت.